# گوندی سوێرە



یەکێکە لە گوندە جوان و دڵگیرەکانی باشوری کوردستان. ئەکەوێتە باکوری شاری سلێمانییەوەو نزیکەی ( ٧١) کیلۆمەتر لێیەوە دوورە. لە ساڵی (١٨٧٠) بە دواوە سێ برا لە ئێلی چوچان بە ناوەکانی ( مەنسور، مستەفاو مراوەیس ) هاتوونەتە ناوچەکەو هەتا چلەکانی سەدەی رابردوو بە کۆچەری ژیاون. دواتر لە سوێرە نیشتەجێ بوون و ئاوەدانیان کردۆتەوە. بەڵام سوێرە هەندێك شوێنەواری لێیە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە بەر لە زایینیش ئاوەدان بووە. لە ساڵی ( ١٩٨٧) دا دانیشتوانەکەی راگوێزراون بۆ ئۆردوگای زۆرەملێ، بەڵام دوای راپەرینە مەزنەکەی بە هاری ( ١٩٩١) گەراونەتەوە گوندەکەی خۆیان و ئێستا ئاوەدانەو نزیکەی ( ٢٢) ماڵ دەبن کە بژێوی ژیانیان لەسەر ئاژەڵداریی و کشتوکاڵە.

ئا/ راژان
وێنە : سامان عوسمان



# بیناسەو بیزانە

منداڵانی خۆشەویست، لەم گۆشەیەدا باسی جوچك و قۆناغەکانی گەشەکردنی جوچکتان بۆ دەکەم، بەو هیوایەی ئاستی زانیاریی و سامانی وشەی پیرۆزی کوردیتان زۆرتربێت.
مریشك - هێلکە - جوچك - بارۆکە - مریشکی تەواو یان کەڵەشێر.



بۆ هەر ٧حەوت مریشك کەڵەشێرێك دانراوە. گەر کەڵەشێر نەبێت هێلکەکان بێ تۆو دەبن و نابن بە جوچك. مریشك دوو سێ رۆژێ لە کولانەکەیدا دەمێنێتەوە، بەمەش خاوەنەکەی دەزانێت کە مریشکەکە کرکەوتووە. دێنێت ( ١٤تا ١٦) هێلکە دەخاتە ژێر سنگییەوە. هێلکەکان لەسەر ( کا ) دادەنێت. دوای ( ٢١) رۆژ هێلکەکان- گەر تۆوی نێرینەیان تێدا بێت- دەتروکێن. لەم ژمارە زۆرەی هێلکەکان دووان تا سیانی پیس دەبن و نابن بە جوچك واتە زەردێنەو سپێنەی تێکەڵاو دەبن و بۆنێکی ناخۆشیان لێ دێت. ئەوانەی تر دەتروکێن و دەبن بە جوچك. جوچکەکان کە گەورە بوون دەبن بە بارۆکە. پاش ماوەیەك نێرو مێیان لەیەك جیادەبنەوە، نێرەکان دەبن بە کەڵەشێرو مێیەکان دەبن بە مریشك. کەڵەشێر لە سەرەتادا بە دەنگێکی ناخۆش دەخوێنن، بەڵام کە بوون بە کەڵەشێری تەواو دەنگیان خۆشتر دەبێت.

لە بەیانیان و نیوە شەو و رۆژدا دەخوێنن، بەڵام مریشك ئەم دەنگەیان نییە.

محەمەد رەحیم نێروانی
وێنە : سامان عوسمان